**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ١٦٠٣ لە ٢٠١٧/٤/٦**

## بڕیاری ژمارە (١٠٤) ساڵی ٢٠١٧

**پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو ، و لەسەر پێشنیاری لیژنەی وەزاری بە پارێزگابوونی هەڵەبجە پێکهاتوو بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٤) لە کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥) لە ساڵی ٢٠١٤، و ئاماژە بەکۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٤) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٣/١٦ ، بڕیاردرابە:-**

**١- ڕاسپاردنی وەزارەتی ناوخۆ بۆ ناردنی ناوی پاڵێوراوان بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە بۆ ئەنجومەنی وەزیران کە بەپێی ماددەی (٢) لە یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجەدا ، ئەندامەکانی بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشان دەکرێن و لایەنە سیاسییەکان لەسەر دابەشکردنی ئەندامانی ئەنجومەنەکە لە ٢٠١٧/٣/١٢ ڕێککەوتوون و بڕیاردرا لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەنی وەزیراندا پەسەند بکرێت .**

**٢- جیاکردنەوەی دارایی پارێزگای هەڵەبجە لە دارایی پارێزگای سلێمانی بەپێی کۆنووسی هاوبەشی نێوان وەزارەتی دارایی و ئابووری و ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە ، ئەوەش بەپێی ماددەی (٨) لە یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە کە هاوشێوەی پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان ، پارێزگاکە خاوەنی بودجە و سەربەخۆیی دارایی خۆی دەبێت ، یاساکەش ئەنجومەنی وەزیرانی ڕاسپاردووە بۆ جێبەجێکردنی ئەم خاڵە.**

**٣- ڕاسپاردنی وەزیرەکان بۆ دراسەکردنی کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان کە تا ئێستا دەستبەکار نەبوون ، بەپێی ماددەی (٩) لە یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە ، پارێزگاکە هاوشێوەی پارێزگاکانی دیکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و سەرجەم بڕگەکانی یاسای پارێزگاکانی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت ، تا ئێستاش بەڕێوەبەری گشتی بەوەکالەت بۆ ( پەروەردە ، کشتوکاڵ ، کاروباری شەهیدان وئەنفالکراون ، شارەوانییەکان ، کاروباری کۆمەڵایەتی ، ڕێگاوبان ) و بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە ، دەستبەکاربوون .**

**٤- سەرەڕای پەسەند کردنی بە پارێزگابوونی هەڵەبجە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی ژمارە(٥٦٨) لە ٢٠١٣/١٢/٣١، و بڕیاری تەشریعیی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٩٩ بۆ بە پارێزگابوونی هەڵەبجە و بەپێی ماددەی (١٤١) لە دەستووری عێراق ، گشت ئەو یاسایانەی لە هەرێمی کوردستان لە پێش ساڵی ٢٠٠٥ کاریان پێکراوە بەردەوام دەبن ، بەڵام وێڕای هاتنی ناوی( هەڵەبجە) وەك پارێزگا لە**

یاسای بودجەی فیدراڵیدا ، هێشتا لەسەر ئاستی حکومەتی فیدراڵ هەنگاوی پێویست نەنراوە ، بەتایبەتی بۆ بابەتەکانی پەیوەندیدار بە (ناسنامەی باری شارستانی ، ڕەگەزنامە ،کارتی نیشتمانی ، فۆرمی خۆراك ، تابلۆی ژمارەی ئۆتۆمبێل ) بۆ پارێزگای هەڵەبجە تا لە پارێزگای سلێمانی جیابکرێتەوە ، بۆ ئەم مەبەستەش وەزیری ناوخۆی ڕاسپێردرا بۆ سەردان و پەیوەندیکردن بە وەزارەتی ناوخۆی فیدراڵییەوە .

٥- ڕاسپاردنی وەزیری تەندروستی بۆ وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی پێویست بۆ خستنەگەڕی نەخۆشخانەی هەڵەبجەی تایبەت بە برینداران و بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی و تەواوکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی و دابینکردنی میلاکی پزیشکی بەپێی پێویست .

٦- گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونیەوە

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**